عەدنان موفتی : ل٣
نامەیەک ناراستەی سەرۆکی ئەمریکا دەکات

کەبود وەند: ل٧
لە ساڵی رابردوودا ١٢ سزای لە سێدارەدان هەبوون

وەرزش: ل١١
گرنگترین رووداوە وەرزشییەکانی ٢٠٠٦

ڕێگای کوردستان

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار
دیموکراسی بۆ عێراق و
مافی بڕیاردانی چارەنووس
بۆ گەلی کوردستان

یەکەمین ژمارەی بە نێوی (ئازادی) یەوە لە نیسانی ١٩٤٥دا دەرچووە

هەفتەنامەیەکی سیاسییە، حزبی شیوعی کوردستان دەریدەکات | ژمارە (٧٢٢) | چوارشەممە ٢٠٠٦/١٢/٢٧ | سەرماوەز ٢٧٠٦

دادگای تەمیز

دوێنێ بڕیاری لە سێدارەدانی سەدام ی پەسند کرد

لە کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمانی کوردستاندا

مەسعود بارزانی : هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە داوا بکات جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دوابخرێت

دیلمان ئامێدی :مەنهەجیەت و تێڕوانینی ئەمریکاو هەندێك لە سەرکردەعێراقیەکان گۆڕانی زۆری بەسەردا نەهاتووە

ڕۆژی ٢٦ /١٢/ ٢٠٠٦ پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لەنوێنەری لایەنە سیاسی و ڕێکخراوەیی، کۆبوونەوەیەکی نائاسایی گرێدا.

کۆبوونەوەکەی پەرلەمانی کوردستان بۆ خستنە رووی ئامانج و ئەنجامەکان و شیکردنەوەی بارودۆخی عێراق و کوردستان لە سەفەرەکەی سەرۆکی هەرێمدا.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە میانەی خستنەرووی تێڕوانین و ئەنجامەکانی کۆبوونەوەو شیکردنەوەی بارودۆخەکەیدا ، بەرووبی باسی لە رەوشی عێراقو گرفتی ناتەبایی و پیکەوە ئەژیان و بێدەسەڵاتی دامەزراوەکانی حکومەتی ناوەندی و ئیشکالیەتی ئایندەیەکی روونی بۆ عێراقیەکان و هەروەها باسی لە هاتنی شاندی حکومەتی عێراق بە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بەغدا وکۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی عێراق کرد، کە توانرا لەماوەی رابردوودا نسبەی لە ١٧٪ ی بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق جێر بکەن و مەسەلەی نەوتیش هەنگاوی باش چۆتە پێشەوە کە لە چوارچێوەی یاسایەکی تایبەت بەنەوت لە پەرلەمانی عێراقی دەردەچێت‌و، لە درێژی قەسەکانیدا سەرۆکی هەرێم چەندین مەسەلەی دیکەی زیندووی خستە روو . هەروەها لە تەوەرێکی دیکەیدا باسی لە بارودۆخی کوردستان کردو بەگەشبینی باسی پرۆسەکەی کرد.

بەڕێز مەسعود بارزانی لەمەڕ کێشەی رابۆرتەکەی بیکەر - هاملتۆن گوتی کە ئەو دووکەسە لە دەرەوەی بازنەی دەسەلاتی تەشریعی و تەنفیزی ئیدارەی ئەمریکادان و راپۆرتەکەیان لە زۆر جێگادا بۆ رازیکردنی دەولەتانی ئیقلیمی نووسراوە و خزمەتی باری عێراق ناکات، گەلی کوردستان قوربانی زۆری داوەو ناکرێ یاری بەئایندە وبەو تێکۆشانە دورودرێژەی گەلی کوردستان بکرێت ودەستور پشتگوێ بخرێ .

هەروەها لەمەسەلەی ناردنی پێشمەرگە سەرۆکی هەرێم گوتی، کە پێشمەرگە هەروا نانێرینە بەغدا و پێویستە هەدەفێکی موحەددەد هەبێت تاوەکو پێشمەرگە لەپاڵ سوپای عێراقی بەشداری چالاکی بکات و گوتیشی کە لە کۆبوونەوەکاندا بە لاینەکانی عێراقیمان گوتووە کە ئێمە مولزەمین دیفاع لە عێراق بکەن بەلام دەبێت هەدەفێکی مووحەددەد هەبێت بۆ پێشمەرگە تاوەکو بچێتە بەغدا.ئەك بەکوشتدانیان. لەبارەی ماددەی ١٤٠ یش سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتی بۆ کەس نیە کە داوا بکات جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دوابخرێت خۆم بە شەخسی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی و وەزیری داد سەرۆکی لیژنەی ماددەی ١٤٠ قسەم کردوە و هەردوولا تەئکیدیان لە جێبەجێکردنی بەندە دەستوریەکان وکارپێکردنیان کردۆتەوە.

لەتەوەرێکی دیکەی قسەکانیدا سەرۆکی هەرێم لەسەر رەوشی ئێستای هەرێمی کوردستان گوتی بارەکە بەرەوپێشەوە دەچێت و بەر لەکۆتایی ساڵ هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی ئیدارات تەواو دەکەین و ئەوا ئەمرۆ یەکخستنەوەی وەزارەتی داد تەواو بووە و داریيش تەواو بووە و مەسەلەی وەزارەتی پێشمەگەر چونکە پەیوەندی بە کۆبوونەوکانی ئێمە وە هەبوو لەبەغدا تەنها کێشەی فەنی ماوە هەروەها لەو رۆژانەش یەکخستنی وەزارەتی ناوخۆ تەواو دەبێت .

پێویستە لەکوردستان هەموومان تەحمولی مەسئولیەت بکەین هەموومان وەکو برا بژین و هەموو حزبەکان لەو پرۆسەیەدا بەشدار بن. پاشان ئەندامانی پەرلەمان چەند پرسیارێکیان لە سەرۆکی هەرێم کرد، لەوانە هاوڕێ دیلمان ئامێدی لەبارەی تێڕوانی ئەمریکا بۆ ئێستای عێراق و کێشەی ناوخۆی وڵات گوتی: کە ئەمریکا ئەوەندە گوێ بە وەزعی ناوخۆی عێراق نادات و بەرژەوەندی خۆی مەبەستە، هەروەها گوتی راپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆن پێویستە حیسابی بۆ بکەین، ئینجا پرسیاری لە سەرۆکی هەرێم کرد لەبارەی بوونی هەستێك بەگۆڕانی مەنهەجیەت وتەفکیری ئەمریکاو هەندێك لەسەرکردە عێراقیەکان لەکاتی کۆبوونەکانیدا هەست بەو گۆڕانە کراوە ، چونکە رەوشی عێراق رۆژ بەرۆژ بەرەو ئالۆزتر دەچیت.ئەمەو چەندین ئەندام پەرلەمانی دیکە پرسیاریان ئاراستەی سەرۆکی هەرێم کردو ئەویش بەدەوری خۆی یەکە یەکەی پرسیارەکانی وەڵامدایەوە.

رەوشی سیاسی عێراق وەکو خۆیەتی

هەوڵەکانی بەرەی میانرەو شکستی هێنا

دوا بەدوای تەنگژە سیاسیەکانی ئەم دواییەی عێراق، وابڕیار بوو بەرەیەکی میانڕەو کەلە هاوپەیمانێتی کوردستان و ئئتلافی شیعەو و حیزبی ئیسلامی عێراق پێکبێت، ئەم هەوڵە شکستی هێنا. ئەم بەرەیە بەمەبەستی هەڵوەشانەوەی ملیشیاکانی عێراق بوو، لەلایەکی ترەوە هاوبەندی شیعە بەنیازی گفتوگۆی درێژن لەگەڵ جەماعەتی (سەدر) کە بگەڕێنەوە نێو پرۆسەی سیاسی عێراق، هەرچی حیزبی ئیسلامی عێراقە تائێستا هەڵوێستیان دیار نیە، سەرچاوەیەك لە هاوپەیمانێتی کوردستان بۆ رێگای کوردستان وتی" هاوپەیمانی کوردستان پاڵپشتی بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی عێراقو باری ئەمنی دەرخستووە و لەگفتوگۆکاندا بەو ئاراستەیە کار دەکات"

هەوڵەکانی بەرەی میانڕەو هێزە دیموکراتخوازو عەلمانیەکانی لێ بەدوور خرابوو، کە چاودێران پیان وایە هەرچەندە سەرکەوتن بۆ بەریەکی وا لەم قۆناغەدا کارێکی گرانە، بەڵام ئەو جۆرە هەوڵانە بەبێ هێز و لایەنی دیموکراتخوازو عەلمانی و رێکخراوە مەدەنیەکان ئەگەر دروستیش بێت ئەنجامی سەرکەوتنی بۆ نانوسرێ.

پەرلەمانی عێراقی چۆتە حەج

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پاسەپۆرتی دیبلۆماسی وەردەگرن

دوای داخوازی و گلەییەکی زۆر ، سەرچاوەیەك لەپەرلەمانی کوردستان بە رێگای کوردستانی راگەیاندن کە چاوەڕێ دەکرێ لە ماوەی داهاتوودا ، پاسەپۆرتی دیبلۆماسی بە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بدرێت ، ئەو سەرچاوەیەش ئەوەی روونکردەوە کە پێشتر چەند هەوڵێك هەبوو کە وەك ئەندامانی پەرلەمانی عێراقی جەوازی دیبلۆماسییمان پێبدرێ، بەڵام هەوڵەکان سەری نەگرت، دیارە ئێستا هەوڵی جددی لەو بارەیەوە هەیە کە ئەو کارە بکرێت.هەر ئەو سەرچاوەیە گوتی کە تاوەکو ئێستا چەندین جیاکاری لەنێوان ئیمتیازاتی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و کوردستاندا هەیە وچارەسەر نەکراون. لەلایەکی دیکەدا هەواڵەکان و هەندێك نێوەندی سیاسی عێراقی نارەزایی خۆیان بەرامبەر بە چوونی زۆرێك لە ئەندامانی پەرلەمانی عێراقی بۆ حەجی ئەمساڵ راگەیاند ، کە ئەوەش وایکردوە کارەکانی پەرلەمانی عێراق پەکی بکەوێت و نەتوانێت کاری رۆژانەی خۆی بکات بەهۆی تەواو نەبونی نیسابی یاسایی، هەروەها دەگوترێت کە ئەو ئەندام پەرلەمانتارانە رەنگە بۆ خۆ دەربازکردن لە دەنگی تەقینەوەو فشاری دەروونی خراپیی باری ئەمنی بەغدا و عێراق بەگشتی چوون بۆحەج یان وەك حەسانەوەیەك.

سندوقی بوژانەوەی نەوت بۆ قەرەبووکردنەوەی عێراق تەرخان دەکرێت

بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژنمارە ١٤٨٣ دەستکەوتەکانی نەوتی عێراق دەخرێتە سەندوقی قەرەبوەکانی خەڵکی عێراق ، بەپێی ئەو یاداشتەی کەلەوەزارەتی دارایی لە٥/ ٦/ ٢٠٠٤ دراوەتە دەزگاکانی بانکی ئەمریکی کەچەند گریبەستێکی لەگەڵ مەکتەبی (پی سی ئۆ) و مەکتەبی بونیاتنانی نەفەقەو ئیدارەکردنی عێراق و چاودێری دارایی و خەرجیەکانی سندوق‌و یەکەی ئیدارەی هێزە هاوپەیمانەکان گرێداوە. هەر لەراپۆرتەکەدا هاتووە کە نەوت و غازی سروشتی فرۆشراو دەخرێنە نێو ئەو سندوقەوەو دواتر ئەو بڕە پارەیەی کەدەستی بەسەردا گیرابوو بگەڕێتەوە بۆ سندوقەکە. لەلایەکی ترەوە بەپێی ئەو بریارەی کەدراوە پێویستە بەشەفافیەت بەکار بهێنرێت بۆ پێداویستیە مرۆییەکان‌و بونیاتنانی ژێرخانی ئابوری عێراق و لەسەر لێژنەکەش پێویستە وردبینی کردنی ئەو سنودوقە بکرێت. جێبەجێکردنی ئەم بریارە بەپێی بریارێکی تری ژمارە ١٥٤٨ ئیلتیزاماتی پێوە دەکرێت و لەحکومەتێکی دەستوری لە٨ / ٦/ ٢٠٠٥ دراوە بەدەستی حکومەتی کاتیی کە بڕی هەموو قەرەبۆکردنەوەکە و ئەوەش لەسندوقەکەدا هاتووە دانراوە بەدۆلار لەخشتەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

بەرزبوونەوەی بەهای دینار بەرامبەر دۆلار نرخی کاڵاو خواردەمەنی هەر لە بەرزبوونەوەدایە

لەو کاتەدا کە بەهای دیناری عێراقی بەپێچ نەخشەیەکی وەزارەتی دارایی (کە ئێستا لە واری جێبەجێکردندایە) لە بەرزبوونەوە دایە، کەچی نرخی کاڵاو خواردەمەنیش لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی دیناردا ئەوانیش لە هەڵکشاندان، ئەم ناهاوسەنگییە لە نرخو نەبوونی لیژنەی چاودێری لە بازاڕەکانی کوردستاندا، هاووڵاتییانی نیگەران کردووە، چونکە پێشتر ئەو کاڵایانەی بە دۆلار دەفرۆشران ئێستا بە دینار دەفرۆشرێن‌و جیاوازییەکەش هەر هەمووی لەسەر حیسابی توێژێکە کە لەناو ئەم گەمە ئابوورییەی بازاڕو دەسەڵاتدا بوونەتە سوتەمەنی‌و پێشدەچێ لایەنی پەیوەندیدار هیچ نەخشەیەکی خێرای پێ نەبێت بۆ ئەم گرانییەی کە لە کوردستاندا بۆتە دیاردەو خەریکە توێژەکانی خوارەوەو ناوەڕاست بە تەواوی قووت دەدات.

بەرزبوونەوەی نرخی نان‌و پێداویستییەکانی رۆژانەی هاووڵاتییان، لەو کاتەیدا بەهای دینار لە هەڵکشانەو دۆلارو دراوە بیانییەکان لە داشکاندایە، بۆتە پرسیار لای هاووڵاتییان‌و پێویستیشە لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچی زووە کارێك بکات بۆ قوتارکردنی بازاڕ لە گەندەڵی‌و رەواندنەوەی ئەو ترسەی کە لای هاووڵاتییان دروست بووە بەوەی کە هەر کاتێك مووچە زیاد دەبێت یان بەهای دینار هەڵدەکشێ، کاڵاکانیش لێرە بە پێچەوانەی بازاڕی ئازاد، یان بازاڕەکانی جیهان هەڵدەکشێن، بە جۆرێك توێژی هەژار زۆر لە دوای خۆی جێدەهێڵێ..

ڤیستیڤاڵی ٥٠ ساڵەی کۆچی دوایی مەلیك مەحمود بەکۆتا هات

لەرۆژانی ٢٣-٢٥ی ١٢/٢٠٠٦ لە سلێمانی ڤستیڤالی ٥٠ ساڵەی کۆچی دوایی مەلیك مەحمود حەفید بەسەرپەرشتی جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق و ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی هەرێم و ژمارەیەکی زۆری نوێنەری لایەنە سیاسی و رێکخراوەیی و کەسایەتی‌و (بنەماڵەی مەلیکی کۆچکردو و رۆشنبیر و نووسەران و مێژوونووسان بەرێوەچوو، ئەمەو شاندێکی باڵای حزبمان ، بەشداریی ئەو ڤستیڤاڵە بوون. لە رۆژی دوایی ڤستیڤاڵەکەدا میدالیای زێر بەسەر چەندین رۆشنبیر و نووسەردا دابەشکرا. لە **لاپەڕە ٢** دا راپۆرتێك بخوێننەوە.

حکومەتی عێراقی فیدراڵ پلانێکی نوێی ئاسایش رادەگەیەنێ‌و پەرلەمانتارێکیش داوای رەزامەندی پەرلەمان دەکات

وتەبێژی فەرمی وەزارەتی بەرگری عێراق دووشەممەی رابردوو رایگەیاند کە حکومەتی عێراق بەنیازە پلانێکی ئاسایشی نوێ بخاتە واری جێبەجێکردنەوە لەپێناو پاراستنی ئاسایشی شاری بەغدا، بەڵام (حوسێن فەلوجی) داوای لە حکومەت کردووە پلانەکە بخاتە بەردەست ئەنجومەنی نوێنەران تاکو بەر لە جێبەجێکردنی رەزامەندی لەسەر بدرێت.

لەلایەکی دیکە (محەمەد ئەلعەسکەری) وتەبێژی فەرمی وەزارەتی بەرگری عێراق لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەشاری بەغدا لەهەمان رۆژدا، رایگەیاند کە "هێزەکانی ئاسایش خەریکن دەست بەجێبەجێکردنی پلانەکە بکەن‌و پلانەکە هەمووئەو هەرەشانەی رەچاوکردووە کە هاووڵاتییان رووبەڕوویان دەبنەوەو رێگا چارەی نوێی بۆ داناون بە جۆرێ وا چاوەڕوان دەکرێ گۆڕانێکی رۆشن لە بارودۆخی بەغدای پایتەختدا بهێنێتەدی".. ئەمەو ئەلعەسکەری نەیویست باس لە وردەکاری پلانەکە بکات، بەڵام رایگەیاند کە"پلانەکە رەفتار لەگەڵ هەموو ئەوانە دەکات کە لە دەرەوەی یاسادا چەك هەڵدەگرن‌و لە پێش هەمووشیاندا کردەوەکانی کۆچپێکردنی زۆرملێیانەو ئەو هەرەشانە دەگرێتە بەرچاو کە هاووڵاتییان بە دەستیانەوە گرفتارن.

پیروزە

به بۆنەی جەژنەکانی سەری ساڵ‌و جەژنی قوربان پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم هاووڵاتییانی کوردستان دەکەین. هیوادارین هەموو کاتێکی کوردستانیان هەر جەژن‌و شادی بێت.. هەروەها ئاگاداری خوێنەرانی رێگای کوردستان دەکەین کە هەفتەی داهاتوو هەفتەنامەکەمان دەرناچێت.